# ئەندامانی سەرکردایەتی دیموکراسیخوازان سەبارەت بە دووەمین کۆنگرەی حزبەکەیان دەدوێن

**بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان لە ڕۆژانی ٩-٢٠٠٦/١١/١٠ لەژێر دروشمی بەرەو ئایندەیەکی خۆشگوزەران و ژیانێکی نوێ بە بەشداری ٤٩ نوێنەری هەڵبژێردراو، دووەمین کۆنگرەی خۆی پێکهێنا. لە ئاکامی کۆنگرەکەدا حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان ڕاگەیەندرا، بۆ خستنەڕووی ئاکام و بەرنامەکانی ئەو کۆنگرەیە بە پێویستمان زانی ڕاوسەرنجی ئەندامانی حزبی دیموکراسیخوازان بە خوێنەرانی ڕۆژی گەل بگەیەنن.**

**کاک (بەختیار مستەفا) ئەندامی (م.س) بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**



**پرسیار: ڕای بەڕێزتان لەسەر کۆنگرە بە گشتی؟!**

وەڵام: بەڕای من کۆنگرەکەمان کۆنگرەیەکی سەرکەوتووبوو تارادەیەکی باش توانی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ و تا ئەوپەڕی (شەفاف)یەتی پێوەدیار بوو، گفتوگۆیەکی زۆری بنەما فکرییەکان و بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی تیادا کرا. هەروەها دوای گفتوگۆیەکی زۆرو هەڵسەنگاندنی مەسەلە فکرییەکان بڕیاردرا کە ناوی حزب (لە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانەوە) بکرێتە (حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان) و زیاتر قاڵب گرتنی ئایدۆلۆژی و فکری گرتەخۆی. لەوانەیە هێشتا کەمێک نارۆشنی و خەوش و خۆڵ لەسەر بنەما فکرییەکان مابێ، دەکرێت لە ئایندەداو بۆ کۆنگرەی داهاتوو وریایانەترو (جدی) تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەهەمان کاتدا هەوڵی زۆرمان داوە کە بنەما فکرییەکان بەڕاستی پراکتیکی بکەین و کاری پێ بکەین نەک تەنها لە شێوازی دروشم دا بمێننەوە.

**پرسیار: ئاڵوگۆڕی سەرەکی لە بنەما فکرییەکان و داخوازییەکانتان کە دیاربێت چی بوون؟**

وەڵام/ ئێمە وەکو حزبێک کە بڕوای تەواومان بەبنەماکانی دیموکراتی و پراکتیزەکردنی هەیە، ڕێز لەهەموو بۆچوونەکان دەگرین و بەتایبەتیش ڕای جیاوازی ناوخۆمان وەکا حزب.

لەسەر بنەمای عێراق و دیدوبۆچوونمان بۆ چارەسەرکردنی مافی ڕەوای گەلەکەمان. وێڕای بڕوای تەواومان بەمافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلەکەمان، بەڵام بۆ قۆناغی ئەمڕۆ تەرحێکی نوێمان هەیە ئەویش جێبەجێ کردنی سیستەمی (کۆنفیدرالیزمە) بۆ عێراق کە پێیانوایە بە خوێندنەوەی هەل و مەرجی ئەمڕۆی جیهان و ناوچەکەو سیاسەتی ئەمریکی و بەریتانی چارەسەرێکی گونجاوە بۆ عێراق و گرفت وقەیرانەکانی ئەویش بەکردنی عێراق بەسێ هەرێمی جیاوازو یەکخستنی لەچوارچێوەی وڵاتێکی (کۆنفیدرالی)دا. ئەو دیدو ئایدیا دژ بەیەکەی لە عێراقدا هەیەو سەرەڕای ئەوەی کە زۆر مەسەلەی فیدراڵی و .. هتد. خراونەتە ناو دەستووری هەمیشەیی عێراقەوە، بەڵام لێرەو لەوێ ئاستەنگ و بەربەست دەخرێتە بەردەم داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەمان. بۆیە (کۆنفیدرالیزم) بە باشترین چارەسەر دەزانین بۆ سەرتاپای عێراق.

**پرسیار: قسەوباسی تۆ چییە لەسەر ئەو قسەوقسەلۆکانەی لێرەو لەوێ لەسەر کۆنگرەکەتان و بوونی (تەکەتول) و شتی لەو جۆرە دەکرێت؟!**

وەڵام/ بێگومان هیچ حزبێکی سیاسی لەجیهاندا نییە بۆچوونی جیاوازو تەکەتولاتی جیاوازی تێدا نەبێت. دەکرێت تەکەتولەکان لەسەر بنەمای فکری و ئایدۆلۆژی بێ یاخوود لەسەر بنەمای چاکسازی بێ لەڕووی گەندەڵی یاخوود لەڕووی لێهاتوویی و شایستەیی و ئامادەیی خزمەتکردنی زیاتر بێت و هتد.. ئەمەش شتێکی شارستانییەو لەسەرتاپای جیهان پیادە دەکرێت تەنها لەشوێنە دیکتاتۆری و تۆتالیستیەکاندا نەبێت. گرنگ ئەوەیە ڕێز لەدەنگدان بگیرێت و دەستاودەست کردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردن یەکێکە لە پرەنسیپە دیموکراسییەکان و بگرە سەرەکیترین بنەماکانی دیموکراسیەتە. لەگەڵ ئەوانەش دەبێ هەمیشە ڕێز لە کەمینەو دەنگەکانی کەمینە بگیرێت. شتێکی ئاساییە کە هەموو هەڵبژاردنێک کۆمەڵێک نارەزایەتی لێدەکەوێتەوە، بەڵام دەنگدان شەرعیەتی خۆی هەیە. هەندێک لە نارەزایەتی گەر هەبێت لەسەر بنەمای فکرو ئایدۆلۆژی نییەو لەسەرئەنجامی هەڵبژاردن گلەیی هەبوو، تا پێش دەنگدان کەس خلافێکی فکری و تەنانەت شتەکانی تریش نەبووە هەتا ئەوکاتەی ئەنجامی دەنگەکان بەدەرکەوتن. ئەوکات گلەیی و گازاندە لە ئەنجامی دەنگەکان دەرکەوتن کە شتێکی سروشتییەو لە هەموو جێگەیەک ئەو شتانە دەبێت لە پێشکەوتووترین وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا ڕوودەدات.



**بەڕێز کاک سامان عەلا، ئەندامی (م.س) لە وەڵامی پرسیارەکانی (ڕۆژی گەل) دا سەبارەت بە قسەوقسەلۆکەکانی پشتی پەردەدا گوتی:**

**پرسیار: قسەی زۆر سەبارەت بە ئەنجامی کۆنگرەکەتان دەکرێ، بەڕێزتان چی دەڵێن؟**

وەڵام: کۆنگرە لەکات و ساتی دیاری کراوی خۆیدا، بە بەشداری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی مەڵبەندەکان بەسترا، ئەنجامی کۆنگرە بە گشتی دەتوانم بڵێم هەموو دانیشتنەکان بەشێوەیەکی زۆر باش، ژیرانەو شارستانیانە گفتوگۆی تێدا کرا، لە فەزایەکی ئازاد و کراوەدا پرۆسەکە بەڕێوەدەچوو، ڕەخنەگرتن و گفتوگۆکردن لەتەواوی کاروبارەکانی حزب، دۆخێکی سروشتی کاری سیاسی پێوە دیاربوو، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا خاڵێکی گرنگی سەرکەوتنی کۆنگرەکە بوو، دەکرێ بڵێم کام کۆنگرە هەیە کە هێندە ئازادی بۆ ئەندامەکانی فەراهەم بکات، بێگومان ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە دیموکراسیخوازان لەسەرڕاستە هێڵێکی تەندروست دامەزراوەو دەشییەوێت ئەم شێوازە بکاتە سەرمەشقی کارەکانی داهاتووی.

**پرسیار: چی ئاڵوگۆڕێکی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆتان کرد؟**

وەڵام: لەڕاستیدا بە دوورو درێژی گفتوگۆ لەسەر بەرنامەو پێڕەوی حزب کرا، ئەوە جگە لە سەر ئاستی جیهان و عێراق و کوردستانیش و وتوویژی چڕوپڕکراوە. لەسەر ئاستی بەرنامە (ب.د.ک) خۆی بە حزبێکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن لەکورستان ساغ دەکاتەوە، لەسەر ئاستی نیشتمانی و نەتەوەیی پاڵپشتی هەر پرۆژەیەک دەکات کە لە بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردستان بێت، لەم پێناوەدا ئامادەیی هەموو جۆرە هاوپەیمانییەتێکیشە. لە پەیڕەوی ناخۆشدا هەندێ گۆڕانکاری لە هەیکەلی ڕێکخستنی حزبدا کرا.

**پرسیار: هەندێک قسە لەسەر ئەنجامی کۆنگرەو هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتی نوێ دەکرێت، لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

وەڵام: ئاشکرایە سەد لە سەد، هەموو پرۆژەیەکی هەڵبژاردن سەرکەوتوو نابێت، لە کۆنگرەی دووەمی ئێمەدا تەواوی سەرکردایەتی پێشوو و کۆمەڵێکی زۆر لە کادیرە گەنجەکانمان چوونە نێو ئەو ململانێیەوەو خۆیان پاڵاوت، خۆشبەختانە ململانێیەکی دیموکراسیانەی باش لەنێو کۆنگەرەدا هەبوو، لەڕاستیشدا ئەمە خۆی نیشانەی حەماسەت و متمانە بوو بەخود، لەلای هاوڕێیانمان، لەلایەکی دیکەشەوە ئاشکرایە هەموو ئەو کەسانە کەخۆیان پاڵاوتووە دەرناچن لەپرۆسەکەدا، ڕەنگە هەندێ لەو هاوڕێیانەمان کە دەرنەچوون، یاخوود دەرنەچوونەتەوە بۆ سەرکردایەتی نیگەران بووبێتن، ئەوەش شتێکی سروشتی و دیموکراتییە، نەک هەر قسە لەسەر کۆنگرە بکەن، بەڵکو بگرە دەشێ ڕەخنەی توونیدش لە ئاکامەکەی بگرن، بڵاویشی بکەنەوە، ئەمە هەمووی کاری ئاسایی و دیموکراتیانەن، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو، ئەوەیە کە کەس بە تەنها سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو کۆنگرەکە سەرکەوتووبوو، ئەو هاوڕێیانەشی کە دەرفەتی سەرکەوتنیان بۆ نەڕەخسا بێگومان حزب فەرامۆشیان ناکات، بەڵکو زیاتر هاوکارو ڕێنماییکەریان دەبێت تا پێکەوە ئامانجی سیاسی دیموکراسیخوازان سەربخەن، سەرئەنجامیش سەرکەوتنی ئامانج و پرۆژەکانی دیموکراسیخوازان، سەرکەوتنی هەموومانەو بە پێچەوانەشەوە.

**کاک محەمەد حوسێن، ئەندامی (م.س) بەم شێوەیە دووەمین کۆنگرەی حزبەکەیان هەڵسەنگاند:**



**پرسیار: چۆن کۆنگرەکەتان هەڵدەسەنگێنی؟!**

وەڵام: بەڕای من تا ڕادەیەکی باش کۆنگرە بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوو، لە کەشوفەزایەکی دۆستانەو هاوڕێیانەدا هەموو ئەندامانی کۆنگرە بەشدار بوون لەبەسەرکەوتوویی و ڕایی کردنی کۆنگرە، سەرەڕای خیلاف و جیاوازییەکان.

**پرسیار: بۆچی بزووتنەوە بوو بە (حزب)؟**

وەڵام: گۆڕانی بنەڕەتی لە دیدی سیاسیماندا بریتییە لە شێوازی حوکمڕانی کردنی (کۆنفیدراڵی) بۆ چارەسەری کێشەی ئەمرۆی کورد لەگەڵ عێراق. لەڕووی فۆرم و ڕوخسارەوە ناوی بزووتنەوەمان گۆڕی بە حیزبی دیموکراسیخوازانی کورستان، هەروەها بەشی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتیەکەشمان گۆڕا ئەمەو زۆر گۆڕانی تری گرنگیش هەبوو لەپەیڕەو بەرنامەی، ئێستا ناکرێت هەموویان بیرخەینەوە.

**پرسیار: گۆڕانکاریەکان چین کە دەڵێن ئەنجام دراون؟**

وەڵام: دیارە بۆچوون و تێبینی جیاوازو ناکۆک بەیەک، دەربارەی ئەنجامی هەڵبژاردنی کۆنگرەکەمان دروست بووە، ئەوەی دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی بگوترێت ئەوەیە هەموومان بە براوەو دۆڕاوی ئەو هەڵبژاردنەوە ئیرادەو تیشکی بەهێزمان هەیە بۆ درێژەدان بە پێکەوە کارکردن و نەهێشتنی ئەو شوێنەوارە نێگەتیڤانەی کە کۆنگرە دروستی کردووە، هەڵبژاردن لە وڵاتی هاوشێوەی خۆماندا هەمیشە گرفتی لەم جۆرەی دروست کردووە، ماوەتەوە سەر ئەوەی ئێمە چۆن دەتوانین چارەسەری بکەین بەبێ ئەوەی نە دیموکراسیەتی پرۆسەکە بدۆڕێنین و نە ئەو کادیرە باشانەشی لە کۆنگرەدا چانسی سەر لەنوێ هەڵبژاردنەوەیان پێ نەدرا.

**پرسیار: سەبارەت بە تەکەتول، کە دەڵێن هەبووە چی دەڵێن؟**

وەڵام: لەهیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا هەڵبژاردنێک نییە دەستەگەری و ڕێکەوتنی سیاسییانەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی تێدانەبێت، سروشتی هەڵبژاردن خۆی وایە، کە ئازادی خۆپاڵاوتن هەبوو کێبەرکێ دروست دەبێت و لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی جەمسەربەندی و دروستبوونی چەند گروپ، یان دەستەی جیاواز لە ناوکو ناکرەکەی ئێمەدا بەم زەقییە دەستەگەری نەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی کرچ و کاڵ و لە ئاستێکی نەبینراودا شتێک هەر هەبوو کە دواتر ئەنجامەکەی بەجۆرێک شکاندەوە بە دڵی هیچ لایەکمان نەبوو.

**لە کۆتاییدا بە باشمانزانی ڕای کاک سامان مەجید، کە ئەندامی کۆنگرەی دیموکراسیخوازانی بوو، وەربگرین، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:**

**پرسیار: چۆن لە کۆنگرەکەتان دەڕوانیت؟**

وەڵام کۆنگرە وەکو لە پەیڕەوی نێوەخۆی حزبدا دیاری کراوە لەکات و ساتی خۆیدا بەسترا، هەروەکو ئامانجی کۆنگرە لایەنێکی گرنگی ئەوەیە کە سەرلەنوێ بە سیاسەت و فکری حزبدا بچێتەوەو سەردەمیانە و واقیعیانە بەکۆ دەنگی پێویستی گۆڕانکارییەکانی تێدا ئەنجام بدرێ من لێی بێگومانم کە هەموان گفتوگۆی تێروتەسەلمان تێدا کردو بەڕای زۆرینەی ئەندامان پێداچوونەوەو گۆڕانکارییەکاری ئەنجام درا ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ڕای جیاواز نەبووبێ، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ڕەخنەی من بێ ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بوو کە وەکو دەبینرێ و دەبیسترێ لە کۆمەڵگەی ئێمەداو لەزۆربەی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، تائێستا نەتوانراوە بە نەفەسێکی دیموکراسیانە خەڵکی بەشداری پرۆسەی دەنگدان بکەن کە بێگومان حزبی ئێمەش بەدەرنەبوو لەو کێشەیە.

**پرسیار: گۆڕانکاری لە دیموکراسیخوازان کرا، دەکرێ گۆڕانکاریەکان نیشان بدەیت؟**

وەڵام: ئەوەی جێگەی باسبێ کە تائێستا لە کوردستاندا زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسیەکان بەشدارن لە پێکهێنانی حکومەتداو ڕێکخراوێکی سیاسی کە بە فعلی بانگەشەی ئۆپۆزیسیۆن بوونی کردبێ نییە یان هەشبووبێ زۆر بەلاوازی قسەی لەسەر کراوە، بۆیە لەهەر وڵاتێکی ئەم دونیایەدا نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن بۆ بەگژداچوونی گەندەڵی و کەموکوڕیەکان یان گەیاندنی دەنگە نارازییەکان هیچ مانایەک بۆ دیموکراسی ناهێڵنەوە. بۆیە لەو ڕوانگەیەوەو لەبەر زەرورەتی ئەو مەسەلەیە کە ماوەیە ئەم حزبە کاری تێدا دەکات و هەوڵی جدی بۆ داوە جارێکی تر لە سیاسەتی ئەمرۆی ئەم حزبەدا بە ئاشکرا ئۆپۆزیسیۆن بوونی خۆی ڕاگەیاند بە شێوەیەکی دیموکراسیانە کار لەو پێناوەدا بکات.

**پرسیار: کۆنگرە ئامانجەکانی خۆی پێکا؟ یان..**

وەڵام: کۆنگرە بەمەبەستی یەک ئامانج ساز نادرێ، چونکە وەکو دەزانن سەرلەبەری کارەکان بەسیاسەت و فکری ئەو ڕێکخراوەو دواتر چۆنیەتی ژیانی نێوخۆی حزب و دواتر دەستنیشان کردنی ڕێبەرانی ڕێکخراوەکە دیاری دەکرێ بۆیە ناتوانم بڵێم سەد لەسەد ئامانجەکانی پێکاوە.

**پرسیار: کەواتە تۆ لە ئاکامی کۆنگرە ڕازی نیت؟!**

وەڵام: ئەنجامی هەڵبژاردنەکانم پێ باش نەبووە، هەروەکو پێشتریش گوتم کە ئێمەش بەدەرنەبووین لەو عەقلیەتە دواکەوتوویەی کە تائێستاش کاریگەری هەیە بەسەرمانەوە وەکو دیاردەی تەکەتول و ئامادەکاری پێشوەخت بۆ ملشکاندنی هەندێک و سەرکەوتنی هەندێکی تر کە بە جدی لە کۆنگرەی ئێمەدا ڕەنگدانەوەی هەبوو کە جێگەی داخە بچووکترین مەرج کە ئاستی خوێندەوارییە نەکرا بە پێوەر یان مەرج بۆ خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرکردایەتی و ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە هەندێ خەڵک کە لە ئاستی پێویست دانەبوون ئەو پۆستەیان بە دەست هێنا.

**پرسیار: تۆ پێتوایە باندو تەکەتول هەبووە؟**

وەڵام: تەکەتول گەر بەو مانایە بێت حزب بەرەو پێش ببات ئەوە تائێستا من دڵنیام لە هیچ حزبێکی کوردستانیدا بوونی نییە بە ئێمەشەوە ئەوەی کە هەیە تەنها یاریەکە، کێ بەهێز بوو، ئامادەکاری پێشوەختی کردبوو ئەوە دەیباتەوەو ئەوی تر بە پێچەوانەوە. بۆیە بەڕای من تا ئێستا بوونی تەکەتول لە نێو حزبداو لەلای ئێمە باجی زیانەکەی تەنها حزب دەیدات.

گۆڕانی بنەڕەتی لە دیدی سیاسی دیموکراسیخوازندا بریتییە لە شێوازی حوکمڕانی کردنی (کۆنفیدراڵی) بۆ چارەسەری کێشەی ئەمرۆی کورد لەگەڵ عێراق